# تیرۆرزمی ئیسلامی و کۆنەپەرستی ئیسلام یەك شتن وسەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەقە پیرۆزەکانی قورئان !

(ڕێبین فاروق)
reben-faruq@yahoo.com

تا ئیسلامی سیاسی بەهێز بێت و بەهێزی بکەن حقیقەت و قیزەونی دەسەلاّتی کۆنە پەرستی ئیسلامی زیاتر بەر نەفرەتی خەلّکی دەکەوێت و پەردە لەسەر حەقیقەتی کۆنە پەرستی ئیسلامی لا دەچێت سەربڕین کوشتن و پارچە پارچە کردنی بەشەر , سك هەلّدڕین , سوکایەتی کردن بەبەشریەت , لەش فرۆشی، ئەمەیە حەقیقەتی کۆنە پەرستی ئیسلام بەرامبەر بە مرۆڤایەتی . ئیتر هیچ بەیت و بالۆرەیەکی سواو و هیچ پاکانەیەك ناتونێت بیّ تاوانی و بیّ بەری بوونی ئیسلام لەم تاوانە ساماناکانە جودا بکاتەوە و خۆی لیّ بیّ بەری بکات.

بەلاّم ئێستاش یەکێتی نیشتمانی و بەتاییەت پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگری لە ئیسلام دەکەن و دەیانەوێت ئەو تاوانانەی کە بزووتنەوە ئیسلامیەکان ئە نجامی دەدەن لە ئیسلامی بیّ بەری بکەن و وە زیاتر لە ئیسلامیەکان پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولّی پاکانە کردن دایە لە کۆنە پەرستی ئیسلامی و ئێستاش پارتی لەجیاتی بێت ڕا پرسی بە خەلّکی بکات و ڕا پرسی بە خەلّکی شەریفی کوردستان بکەن بۆ لەناو بردنی تیرۆرزم بەلاّم دێن چەندین مەلای کۆنە پەرست کۆدەکەنەوە و پرس و ڕایان پیّ دەکەن تەنانەت لە مەلا بەشیری تیرۆرست دەپرسن و ڕا پرسی پیّ دەکەن و لیّ ی دەپرسن چی بکەین بۆ لەناو بردنی تیرۆر بەلاّم مەلابەشیر لە وەلاّمدا بۆ لەناو بردنی تیرۆر داوا لە نێچرەڤان بارزانی و مەسعود بارزانی دەکات و پێیان دەلّێت پێویستە مستەشارێکی ئیسلامیتان هەبێت تا پرس و ڕاوێژی پیّ بکەن بۆ بەگژدا چونەوەی تیرۆر. بەلاّم ئەمە ئیفلاسی حکومەتی پارتی دەردەخات کە لەناو دەزگاکانی ئاسایشدا چەندین کەس ترفیع دەکات و چەندین تیرۆرستی ئیسلامی بەرهەم دێت کە ئەم تیرۆرستانە هەمویان دۆستی شەخصی بارزانی و دەسەلاّتدارانی حکومەتەکەی پارتین , وە مەسعود بارزانی هێندەی پارە و پول خستبووە خزمەتیانەوە هێندەی نەمابوو (مەلا کارۆخ ومەلا شێخ زانا) لایەکی خەلّکی کوردستان سەربڕن و هێندەشی نەمابوو بچنە سەر کورسیەکەی بارزانی.

جا دەبێت پارتی و یەکێتی دەست لەو سیاسە دۆستایەتیانەی خۆیان و حیزبە ئیسلامیەکان هەلّگرن لە جوند الاسلامەوە یەك بەرنامەیان هەیە تا بە یەگرتوی ئیسلامی دەگات کەمیان ڕەوەکەیانە وە هەموو حیزبە ئیسلامیەکان پیشەیان تیرۆرە و چەواشەکاری خەلّکیە. وە لەسایەی یەکێتی و پارتیدا میمبەری مزگەوتەکان بۆ تێکڕای مەلا کۆنە پەرستەکان ئاوەلاّ کراوە و بە ئارەزوی خۆیان فتوا دەدەن و بە ئارەزوی خۆیان قانون بۆ خەلّکی دادەنێن و وە تەنانەت لە کاتێکدا دەلّێن حکومەت هەیە و قانون و یاسا سەروەرە مەلا کۆنە پەرستەکان دەست دەخەنە کاری شەخصی خەلّکەوە و قەرار بۆ خەلّکی دەردەکەن و خۆیان بەسەر خەلّکدا فەرز کردووە و دەبێت پرس و ڕایان پیّ بکرێت بۆ هەر هەنگاوێکی حەیات و ژیانی خەلّکی . جا بۆیە باند و هێزە ئیسلامیەکان یەکێکە لەو ملۆزمانە کە ئارامی و ئاسایشی خەلّکی کوردستان و عێراق تێك دەدەن و وە تەنانەت ئارامی و ئاسایشی جیهانیشیان شێواندووە.

## سەرەتای سەرهەلّدانی تیرۆر لە کوردستان

حیزبە ئیسلامیەکانی ناو کوردستان تێزابیان بە قاچی کچاندا دەکرد و صالّۆنەکانیان دەتەقاندەوە و فتوایی کوشتن و تیرۆری کۆمۆنیستەکان و ڕۆشنبیرانیان دەردەکردو پارەیی زۆری سعودیە و جمهوری کۆنە پەرەستی ئێرانیان تەخشان وپەخشان دەکرد بۆ کوشتنی کۆمۆنیستەکان . ئێمە کۆمۆنیزمی کرێکاری پێماندەوتن ئەمانە دڕندەن و پیشەیان تیرۆرە نابێت پارە و پولیان پیّ بدرێت و چالاکیان هەبێت و نابێت ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەیان ڕیگای پیّ بدرێت بچێتە ناو خەلّکی و پێمان دەوتن ئەمانە تولە مارن ئێوە بەخێویان دەکەن و دوواتر بەهێز دەبن و دەئالّێنە ملی خۆتان و بەرۆکی خەلّکی دەگرن . بەلاّم

لە وەڵامی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردایەتیدا دەیانوت کۆمۆنیستەکان دەیانەوێت خەڵکی ڕووت بکەنەوە و دەیانەوێت خەڵکی بەرەڵا بێت . بەڵام ئەوەتا دەبینن کارو کردەوە و ڕەفتاری قەسابکارانەی ئیسلامیەکان ئاشکرا دەبێت و پەردەی لەسەر هەڵدەماڵرێت بەڵام ئێستا PUK-PDK لە هەوڵی جیا کردنەوەی تیرۆرزمی ئیسلامی و کۆنە پەرستی ئیسلام و لە هەوڵی جیاکردنەوەیی حیزبە ئیسلامیەکاندان کامەیان توندڕوە و کامەیان میان ڕەوە و کامیان لە بەرژەوەندییانە و کامەیان لە بەرژەوەندیان کارناکات . وە دەڵێن ئەم ڕەفتارانە ڕەفتاری ئیسلام نیەو لە ئیسلامەوە سەرچاوەی نەگرتووە. وە ئەمە لەکاتێکدا هەموو ئەو تیرۆرستانە لە ماڵی خودادا و لە مزگەوتەکان و قوتبخانە ئیسلامیەکان پەروەردە کراون دەرچوانی قوتابخانەکانی مزگەوتن و قورئانی پیرۆزیان تەواو کردووە .

بەڵام دەبینین دین و مزگەوتەکان چیان بەرهەم هێناوە مرۆڤی بێ هۆش و بێ بەزەیی و بێ ڕەحم و نەفام , مرۆڤی بێ پرەنسیپ و سەربڕ و تیرۆرست .

وە تجاربی تاریخی ئەوەی سەلماندووە کە بە درێژایی مێژوو مزگەوتەکان ئیشیان چی بووە . یان دین جا هەر دینێك بێت ئیشیان چی بووە , ئەوە شتێکە کە پاکانەی لێ ناکرێت کە لەو ڕۆژەی دین هاتۆتە ناو ژیانی مرۆڤەکانەوە بەردەوام لە هەوڵی زاڵ بووندا بووە بەسەر هەست و ناخی ئینساندا و بەردەوام بۆ ژیانی ئازادی مرۆڤ لە هەوڵی دانانی شەرت و مەرجدا بووە. بەردەوام دین دوژمنایەتی لەگەڵ مرۆڤایەتیدا هەبووە جا بۆیە ناتوانین و ناشکرێت بڵێین ئیسلام حقوقی ئینسان دەپارێزێت وە خودا خۆیشی دوژمنایەتی ئینسانیەت دەکات و لەزۆرینەی قسەکانی خودادا لەجیاتی ئەوەی کە خودا لێبوردەیی و میهرەبانی خودایانەی هەبێت بەرا بەر بە ئینسان دەبێت بەدوژمنی مرۆڤەکان و هەوڵی کوشتن و بڕینی مرۆڤەکان دەدات بەهۆی سێکسێك کە لە بەهەشت ڕویداوە و بە هۆیی خواردنی مرۆڤ لە بەهەشت لە داری هەنار یان سێوو کە هندێکی تریش دەڵێن بە هۆی خواردنی گەنمەوە مرۆڤ لە بەهەشت دەرکراوە بە فەرمانی خودا و بەبێ جل و بەبێ پێڵاو بە ڕوتی مرۆڤ لە بەهەشت دەردەکات و دەکەوێتە بیابانی کوێرەوەری و پەژارە دێتن لەسەر زەوی بۆ تاقی بوونەوە. تا ئەو مرۆڤانەی دوژمنایەتی خودا دەکەن لە بەهەشت خودا بێبەرییان بکات و ئەو دیندارانەی کە گوێ رایەڵی خودان و فەرمانەکانی خودا جێبەجێ دەکەن خودا وەعدی داونێ کە لەدوای مردنیان خۆشگوزەرانیان بۆ دابین بکات و وە خودا پەیمان بە بەندەکانی دەدات و دەڵێ دنیا هیچ نیە ئەم دنیایە بۆ تاقی کردنەوە دروست بووە بەڵام بەهەشت تا هەتاییەو وە کۆتایی نیە وەهەرچیەك مرۆڤ بیەوێت و دڵی ئارەزوی بکات خودا کەرەم دەکات . پەیمانیش بە پیاوان دەدات کە بە دەیان حۆری لە بەهەشتدا چاوەڕوانی برا موجاهیدەکان و مسوڵمانان و ئەم حۆریانەش هەمووی کیژۆڵەی جوان جوانن کە قەد نابن بە ژن و چەندەی سێکس لەگەڵ بکەیت هەر کچن . بەڵام با مسوڵمانان هەڵنەخەڵەتێن بەهەشتێك بەبێ بوونی ئازادی چ مانایەکی نیە کە لەسەر ( خواردن ) مرۆڤ لە بەهەشت دەربکرێت . وە لەوەش دەچێت کە تیرۆرزمی ئیسلامی خۆیان دەتەقێننەوە و خۆیان شەهید دەکەن پەلەی ئەو حۆریانەی خودایان بێت و پەلەی بەهەشتێك تا هەتاییان بێت کە لە دوای مردن خودا بۆیان دابین دەکات. جابۆیە سەرچاوەی تیرۆریزم دەگەڕێتەوە بۆ دەقە پیرۆزەکان قورئان.

سەربڕین پارچە پارچە کردن و قەزیەی ئەخلاق شتێکی شاز نیە و تازە نیە لە دینی ئیسلامدا , تەنانەت لە قورئانیشدا باسی سەربڕین دەکرێ کە ( ابراهیم ) چۆن هەوڵی سەربڕینی ( ئیسماعیل )ی کوڕی دەدات بەڵام دواتر خودا پەشیمان دەبێتەوەو ( بەرانێك ) لەئاسمانەوە فڕێ دەداتە خوارەوەو دەڵێ ئەو بەرانە سەر ببڕە بەڵام من سەرم لەوە سوڕدەمێنێ نازانم ئەو مەڕە بۆ دەست ڕاهێنانی ( ابراهیم ) بووە تافێر ببێ چۆن ئینسان سەر ببڕێت هەروەك چۆن ( شێخ زانا ) فەقێکانی ڕادێنێت لەسەر سەربڕن و پارچە پارچە کردن .جا بۆیە فکرەی ئینسان کوشتن و سەربڕین ودەست و قاچ پەڕاندن وئیعدام زیندەبەچاڵ کردن شتێکی باو بووە لە ئیسلامدا. بۆیە بەهیچ شێوە یەك ناکرێت تیرۆرزمی ئیسلامی لەکۆنە پەرەستی ئیسلامی جودا بکرێتەوە لە بەر ئەوەی دینی ئیسلام وباقی دینە ئاسمانیەکانی تریش سەرچاوەکەیان کۆنە پەرەستییە و مێژویەکی ڕەشی پڕ تاوانیان هەیە بەرامبەر بەمرۆڤایەتی.جا بۆیە ئەرکی کۆمۆنیستەکان و ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان و هەموو ئەو هێزانەی دیفاع لە ئینسانیەت دەکەن تێکۆشانە بۆ بەرگرتن لەم کارەسات سیناریۆ ڕەشە.